ئێوارەی ڕۆژی 25-11-2004 ڕۆژی جیهانی دژ بە زەبرو زەنگ لە دژی ژنان , لە سەر ئاستی ئەڵمانیا ئاکسیونێک بەرێدەکرێ , لە ژێر ناوی ( ڕۆشناییەک بۆ هەر ژنێک).
ئێمە وەک دەنگەکان پێمان باش بوو لە وبارەیەوە , کە کێشەی ژنانە چەند پرسیارێک ئاراستەی چەند نوسەرێکی ژن و بەرگری کەرانی مافی ژنان بکەین .

***1- ئایا دەسەڵاتی دیموکراتی دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی چەوسانەوەی ژنان بهێنێ؟***
***2- چ ئەڵتەرناتیڤێکی واقیعی هەیە بۆگەیشتن بە رزگاری ژنان؟***
***3- کێشەی چەوسانەوەی ژنان ناوچەییە یان جیهانی، یان کەلتور و ئاین لە ئاستیدا بەرپرسیارە،یا هەموویان؟***

سەرەتا سوپاسی سایتی دەنگەکان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، هیوادارم بەردەوام لەبارەی کێشەکانی ژنانەوە لە هەولی گەیاندنی تەواوی بیرو بۆچونەکاندا بن بە مە بەستی سوود بەخشین بە بزووتنەوەی رزگاری ژنان.

1-دیموکراسی مانای دەسەلاتێکی هەلبژێردراو لەلایەن خەلکەوە. ئەمە مانای ئەم ووشەیەیە، بەلام لەدنیای ئەمرۆدا دیمۆکراسی سەرخانی سیاسی دەسەلاتی سەرمایەداریە ,لە سایەیدا ستەمی چینایەتی و نەژادی و عرقی و جنسی و نەتەوەیی و جۆرەها شیوەی چەوسانەوە بەریوە دەچیت.
لە سیستمی ئیستای دیموکراسیدا کە بالاترین ئاستی ئیستای وولاتانی رۆژئاوایە چی دەگوزەرێ؟ .
بازگانی سێکسی یەکێک لە بازرگانیە گەورەکانە کە تەنانەت بەشیک لە وولاتان پشتی پێدەبەستن وەک سەرچاوەیەکی دارایی . هەزاران ژن لەکۆمپانیاکانی سێکس فرۆشیدا کاردەکەن، سالانە سەدان کۆمپانیای تازەی لەشفرۆشی دەکریتەوەو سەدان ژن لە تاو بێکاری روودەکەنە ئەم کۆپانیانە بۆ سێکس فرۆشتن. رفاندن ، بێسەروشوین کردن و کوشتن تا ئیستا رودەدات، هیشتابەهۆی زەبروو زەنگی خیزانەوە دەیان شیلتەر لە کاردان بۆ پاریزگاری کردن لە ژنان لە سوکایەتی و لیدان و بێجێگەوشوێنیدا . بە گشتی ژنان فرسەتی کارکردنیان کەمترەو رۆژ لەدوای رۆژ خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان بەرەو کەمکردنەوە دەرۆن ، دایەنگاو شیرخۆرگەکان لە ئاستی پیویستدا نین حەقی بەخێوکردنی منالان لە دایەنگاکان قورسترین مەسرەفە لەسەر خیزان، ئەمانە هەمووی بەریوە چوونی ژیان لە سەر خیزانەکان بەتایبەتی ژنان قورستر دەکات. راسیزم و چەوسانەوەی نەژادی دیاردەی زەقی دەسەلاتی دیموکراتیە ،جیاوازی کردن لە نیوان رەنگی پیستەکان و نەتەوەکانداو بەرتەسک کردنەوەی فرسەتی کارکردن لەبەرامبەر خەلکی ئاسیاوی و بەتایبەتی رەشپیستدا رۆشنە ، تائیستاش لە کەمترین جیگادا کەسیکی رەشپیست دەبینریت لە پۆستەبالاکاندا لە بەراورد بە خەلکی بە رەگەز ئەورووپی و سپی پێستدا، بۆیە بە ناچار ژنانی رەنگ و پیستە جیاوازەکان چەندین ریکخراو

یان پیکهیناوە بۆ بەرگری کردن لە مافی یەکسانیان لەگەل سپی پیستەکاندا. لەدەسەلاتی دیموکراتیدا ئازادی ژنان بەلیبرالترین پەیوەندی سیکسی بەرفراوان روپۆشکراوە. ژمارەی لیسبیانەکان رۆژانە لە زۆربوونداان ودەسەلاتی دیموکراسی ئەم وولاتانەش لە پشتی ئەم فەزایەوە راوەستاون تائاستی یاسایی کردنەوەی زەواجی سێکسی وەک یەک same sex marriage دامەزراندنی سەندیکاو ریکخراوی جۆراوجۆری لیسبیان و گەیەکان .

بەکارهینانی بەرفراوانی مەوادی بی هۆشکەرو بلاو بوونەوەی لەنیو لاواندا دیاردەیەکی باوی ئەم کۆمەلگایانەیە ، کچانی تەمەن منال کاتیک ئالودە دەبن بە مەوادی بیهۆشکەر ئیتر بە ئاسانی دەکەونە بازارەکانی لەشفرۆشیەوە.

لەم سیستەمەدا لەژیر ناوی ئازادی "مەلتیکەلچرەلیزم"دا فرە کلتوری بەریوە دەچیت کە ریگەی داوە بە خیزانەکان دین و عقیدەو کولتورە کۆنەکانیان بسەپینن بەسەر منالاندا لەلایەکی تریش سیستمی مەلتیکەلچرەلیزم بوە بە پالپشتیکی بەهیزی رەوتە دینیەکان بۆگەشەکردنیان بە تایبەتی ئیسلامیەکان سوودیان لەم سیستمە وەرگرتوە، بەم شیوەیە بەشیکی بەرین لەژنانی وولاتانی رۆژهەلاتی لە جەرگەی تمدنی ئەورووپاو رۆژئاوادا حیجاب دەپۆشن.

لە چەند دیریکدا دەتوانم بلیم لە دەسەلاتی دیموکراسی دا چەوسانەوەی ژنان بەردەوامە بەلام بەشیوازی تازەوە. بۆیە دەسەلاتی دیموکراسی کۆتایی بە چەوسانەوەی جنسی وکێشەکانی ژنان ناهێنیت.

2-رەنگە هەندیک بلێن ئەوەنیە لە رۆژئاوا ژنان ئازادن ، مافی کارکردنیان هەیەو دارایی و خەرجی خۆیان هەیە لە یاسادا مافی یەکسانیان لەگەل پیاوان هەیە لەدەنگدان و بەریوەبردنی کۆمەلگادا بەشدارن ، لە یانەو جیگا گشتیەکاندا شەوان تادرەنگ دەمیننەوە ، لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا لەوپەری ئازادیدا رەفتاردەکەن . لە راستیدا ئەوەی لەوەلامی پرسیاری یەکەمدا باسم کردن رویەکی واقعی وەزعیەتی ژنانە لە دەسەلاتی دیموکراسی دا و ئەوەش کە دەلین ژنان لەو دەسەلاتانەدا ئازادن واقعیەو روویەکی ترە. بەلام راستی ئەوەیە تەواوی ئەو ئازادیەی هەرئیستا ژنان لێی بەهرەمەندن دەستکەوتی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ژنانەو بە دیاریکراویش ئەو دەستکەوتانە بەدوای شۆرشی سۆسیالیستی روسیەدا هاتونەتە ئاراوەو تا ئیستا سەرمایەداری نەی توانیوە پاشەکشەی پی بکات و زەوتیان کات . ئەو دەستکەوت و مافانە چەسپاون و بزووتنەوەی ژنانیش سەرباری هەندیک پاشەکشە بەلام بەردەوام لە رووبەڕووبوونەوەدایە بۆ پاراستنی ئەو ئازادی و مافانەی کە بەدەستی هیناوە کەچی ئیستاش سەرمایەداری بەناچار فەخرو شانازی پیوە دەکات و دەیگێریتەوە بۆ شانی دەسەلاتە دیموکراتیەکەی خۆی. ئەو نەیتوانیوە شیرخۆرگە لە ژنان بسەنیتەوە بەلام مەسرەفی رۆژانەی شیرخۆرگە رۆژ لە رۆژ بەرز دەبێتەوە، نەی توانیوە ژنان قانع کات بەگەرانەوە بۆ چیشتخانەی مالەکانیان بەلام لەتاو بیکاری ناچاری لەشفرۆشیان دەکات و وەکالاتی لەشفرۆشی دەکاتەوە بۆیان، ناتوانیت یاسای مەددەنی و یەکسان لەپەیوەند بە خیزانەوە

هەلوەشینیتەوە بەلام لیبرالیزم بەردەوام شیرازەی کۆمەلگا بەرەو تیکچوون دەبات و لەویدا ژنان باجی قوورسی کیشەکان دەدەن.
وەک باسم کردو مێژوو شاهیدە شۆرشە سۆسیالیستیەکان تا ئیستا گەورەترین کاریگەریان هەبوە لەسەر بزووتنەوەی ژنان و دەستکەوتەکان ولەوەش رۆشنتر ئەگەر سەیر کەین لە میژوودا تەواوی رابەرانی واقعی بزووتنەوەی ژنان ژنانی سۆسیالیست بوون هەروەها رابەرانی پارتە سۆسیالیستیەکان و بزووتنەوەی کریکاریش بوون، لە نموونەی رۆزا لکسمبرگ و کلارا زتکین، کربسکایاو ئەوانی تر. بۆیە بەبروای من تاکە ئەلترناتیفی واقعی بۆ گەیشتن بە رزگاری ژنان کۆمۆنیزمەو مارکسیزم تاکە مەکتەبی فکریە کە کێشە چینایەتیەکان و مەسەلەی ژنان و خیزان و ملکداریێتی تایبەتی و تەواوی کێشەکانی تری کۆمەلگای تاووتوێ کردوەو رۆشنایی خستوەتە سەر، ئەمە تەنها قوتابخانەیە سوودی لیۆەرگرین و بەدەستیەوە بگرین بۆ بردنە پێشەوەی بزوتنەوەکەمان ، هەرچەندە بەدوای شکستی بلۆکی رۆژهەلاتدا سەرمایەداری کەوتە شایی گێرانی مەرگی کۆمۆنیزم و مارکسیزم و تەبلیغاتی ئەو لەبارەی بەسەر چوونی فکری مارکسیزم و سوسیالیزم دنیای تەنیەوە کە تا ئێستاش بەشیک لە رۆشنبیران لەژیرکاریگەری ئەو تەبلیغاتانەی سەرمایەداریدا ئەوانیش ئەلین مارکسیزم بەسەرچوەو باوی نەماوە بەلام ئەوەتا هیچ کام لەمەکتەبە فکریەکانی تر نەیان توانیوە جیگەی بگرنەوە و ئەلتەرناتیڤیکی تربن.

3-کێشەی ژنان بەندە بەکێشەی چینی کریکارەوە ، مەسەلەی کریکارانیش مەسەلەیەکی چینایەتیەو لە هەرجیگایەک کریکارو کاری کرێگرتەو مولکداریتی تایبەتی هەبێ، کێشەو چەوسانەوەو نایەکسانی و سەرکوتی ژنانیش هەیە. بەلام شیوازی چەوسانەوەو کێشەکان بەپێی ئاستی گەشەکردنی سەرمایەو سیستم و جۆری دەسەلاتەکەی هەروەها بەپێی بەهیزی ولاوازی بزووتنەوەی ژنان و بەپێی کاریگەری دین و کەلتورەکان، لیرەو لەوێ جیاوازن و شیوازی تایبەتی و ناوچەییان لە خۆ گرتوە. بۆیە کێشەی ژنان کێشەیەکی جیهانیە. فاکتەری سەرەکی چەوسانەوەی ژنان نیزامی سەرمایەداریەو هەرچی دین و کەلتورەکانیشە ئامرازێکی بەهێزی توندکردنەوەی ستەم و چەوسانەوەیە لەسەر چینی کرێکار و ژنانیش وەک بەشێک لەو چینە.

**کەژال حەمە رەشید**